# مێژووی یاسادانان
# لەپەرلەمانی کوردستان

## ڕۆڵی بڵاوکردنەوەی دۆکیۆمێنتەکانی یاسادانان
## لە پتەوکردنی پەیوەندی هاووڵاتی بەدامەزراوەی یاسادانانەوە

بەشی یەکەم

یاساکان


فؤاد احمد سليمان

بەرپرسی سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمان

سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان
KURISTAN PARLIAMENT - RESEARCH CENTER

چاپی یەکەم- ٢٠١٩
بەشی یەکەم - یاساکان

**ناونیشان:** مێژووی یاسادانان لەپەرلەمانی کوردستان

**بابەت:** توێژینەوە

**نووسینی:** فوئاد ئەحمەد سلێمان

**زمانەوانی و وەرگێڕان:** سۆران عەلی

**دیزاین ناوەڕۆک:** سۆران عەبدولڕەحمان

**دیزاین بەرگ:** حامد سەقزی

ژمارەی سپاردن: ٢٠١٩/٤٤٧ – هەولێر – هەرێمی کوردستان

**ناونیشان**
هەولێر: پەرلەمانی کوردستان شەقامی ٦٠ مەتری – بەرامبەر پارکی سامی عەبدولرەحمان
Erbil, 60sAvenue, Kurdistan parliament, Iraq
www.perman.org
KPI-Research center
e.mail: researchcenter42@gmail.com
0750 940 2405 / 0770 405 2747

# ناوەرۆک


| | |
|---|---|
| پێشەکی | ٥ |
| **بەشی یەکەم: چوارچێوەی توێژینەوە** | ٧ |
| ١. کورتەیەک | ٩ |
| ٢. کێشەی توێژینەوە | ١٠ |
| ٣. میتۆدو ئامرازەکانی توێژینەوە | ١١ |
| ٤. بایەخی توێژینەوە | ١١ |
| ٥. ئامانجەکانی لێکۆڵینەوە | ١٢ |
| ٦. توێژینەوەکانی پێشوو | ١٢ |
| **بەشی دووەم: مێژووی یاسادانان** | ١٣ |
| ١. پەرلەمان | ١٥ |
| ٢. ئەرکەکانی پەرلەمان | ١٦ |
| ٣. بڵاوکردنەوەی یاساکان | ٢٧ |
| ٤. ئامانجەکانی بڵاوکردنەوەی یاساکان | ٣٢ |
| ٥. هاووڵاتیو بڵاوکردنەوەی یاساکان | ٣٣ |
| ٦. مێژووی یاسادانان | ٣٦ |
| ٧. جۆرەکانی دۆکیۆمێنتەکانی یاسادانان | ٤٠ |
| **بەشی سێیەم: یاساکانی پەرلەمانی کوردستان ١٩٩٢-٢٠١٨** | ٤٧ |
| **بەشی چوارەم: بەڵگەنامەکان و ئەنجام و ڕاسپاردە و سەرچاوەکان** | ١٠١ |

## پێشەکی

هەمیشــە وتوویــانە کــورد لەدۆکیــۆمێنتکردنی مێــژووی خــۆی سەلیقەیەکی باشی نییەو گرنگی زۆری پێنەداوە. سەبارەت بە مێژووی دووری نەتەوەی کورد رەنگە پاساوگەلێک هەبن ببن بە وەلامی ئەم رەخنەیە، بەلام بۆ مێژووی نزیک، مەبەستم ٢٥ سالێک بەر لەئێستایە کە لەمێــژووی دروســتبوونی یەکەم پەرلەمــانی کــوردیی لەهەرێمــی کوردستانی عیراق دەستپێ دەکات، هیچ پاساوێک نییە نەمانتوانی بێت بەلــگەو دۆکیۆمێنتەکــانی ئەم مێــژووە زۆر نــزیکە کــۆبکەینەوە. لەم ماوەیەدا چەندین روداوی مێژووی گرنگ سەبارەت بە نەتەوی کورد روویانداوە لەهەموویان پێشترو بەرچاو تر دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسییە لەم بەشەی کوردستان کە لەهەڵبژاردنی یەکەمین پەرلەمانی کوردی خۆی دەبینێتەوە. ئەم پەرلەمانە خاوەنی چەندین بەڵگەنامەی مێژوویە کە رەنگە باش کاریان لەسەر نەکرابێت بەتایبەتی مێژووی یاسادانان لە پەرلەمانی کوردستان.

لەساڵی ٢٠٠٧ کە هاتمە پەرلەمانی کوردستان و لەگەڵ هاوکارانم ماڵپەڕی پەرلەمانی کوردستانمان دامەزراند، یەکەم کارێک پێویست بوو بیکەم کۆکردنەوەی یاساو بڕیارەکان وکۆدکردنیان بوو بۆ ناو سێرڤەری ماڵپەڕی پەرلەمــان، لەوســاوە بەدوای ئەوەم مێــژووی یاسادانان لەپەرلەمانی کوردستان بەوردی بنووسمەوە.

خۆشــبەختانە ئەمــڕۆ توانیمــان نــۆبەرەی ئەم هەوڵەمــان لەچوارچێوەی تـوێژینەوەیەکی زانستی بخەینە بەردەست، کە خۆی لەساغکردنەوەی سەرجەم ئەو یاسایانە دەبینێتەوە کە پەرلەمانی

کوردستان دەریکردوون یان بەرکاری کردوون یانیش هەمواری کردوون.

ئەم کارەی بەردەستەو بە پێی ئەو ئەنجامەی لەم توێژینەوەیە پێی گەیشتووین بۆ سێ لایەنی سەرەکی زۆر گرنگە، بۆ دادگاکان کاتێ بڕیار لەیەکلاییکردنەوەی کێشەکانی کۆمەڵگا دەدەن، بۆ هاوڵاتیان تا مافی خۆیان لەچوارچێوەی یاساکان بناسنەوە، لەوانەش گرنگتر بۆ یاسادانەران کە لەپەرلەمانی کوردستان خۆی دەبینێتەوە، تا لەکاتی دارژتنی یاسای تازە رەچاوی ئەوە بکەن پێچەوانەی ناونیشان و دەقە یاساییە پەیوەندیدارە بەرکارەکان نەبێت، لەلایەکی تریشەوە ئەوە لەبەرچاوبگیرێت کە حوکمەکانی ئەو یاسایەی دەویسترێت دابڕێژرێت دووبارەکردنەوەی ئەو حوکمانە نەبێت کە پێشتر لە دەقو یاساکانی دیکەدا هاتوون، هەموو ئەمانەش بەدینایەن ئەگەر دەقی یاساکانی پێشوو دۆکیۆمێنتە یاساییەکان لەژێر دەستی یاسادانەراندا نەبن.

ئەم هەوڵەی ئێمە سەرتاو بەشی یەکەمە خوا یار بێت بەشی تریشی بەدوادادێت.

فوئاد ئەحمەد

٢١٠٩/٥/١٤

# بەشی یەکەم
# چوارچێوەی توێژینەوە

کورتەیەك
پەیکەری توێژینەوە
کێشەی توێژینەوە
میتۆدو ئامرازەکانی توێژینەوە
بایەخی توێژینەوە
ئامانجەکانی لێکۆڵینەوە
توێژینەوەکانی پێشوو

## کورتەیەک

مێژووی یاسادانان زاراوەیەکە ئاماژە بەو دۆکیۆمێنتانە دەکات کە لەلایەن پەرلەمانەکانەوە بەرهەمدەهێنرێن‌و تێیاندا پرۆژە یاسا پێشکەش دەکرێت‌و لێکۆڵینەوەو گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرێت. زۆرجاریش یاسادانەران لە پەرلەمان تۆمارەکانی مێژووی یاسادان بەکاردەهێنن بۆ دانانی یاسای نوێ، پارێزەران‌و دادگاکانیش ئەو بەڵگەنامانەی یاسادانان بەکاردەهێنن بۆ هەوڵدان بۆ دیاریکردنی نیازی یاسادانەر یاخود روونکردنەوەی زمانێکی یاسایی ناڕوون.
توێژینەوەکانی بواری مێژووی یاسادانان بە گرنگ دادەنرێن بۆ هاووڵاتیان‌و خودی دەسەڵاتی یاسادانانیش، چونکە تێیاندا تۆمارەکانی مێژووی یاسادانان‌و گەشەکردنی یاساکان بە دۆکیۆمێنت دەکرێن، کە لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە دادەرێژرێن‌و گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرێت‌و هەمواردەکرێن‌و رەزامەندییان لەسەر دەدرێت، یان رەتدەکرێنەوە. لەم رووەشەوە، تۆمارەکانی مێژووی یاسادانان زۆر بە بایەخ دادەنرێن وەک ئاماژەیەک بۆ ئەوەی پێی دەوترێت مەبەستی یاسادانان لە یاساکاندا. نیازی یاسادانان ئاماژە بۆ هۆکاری دانانی یاساکان دەکات، بەوپێیەش رەگەزێکی گرنگە لە تێگەیشتن لە چۆنێتی جێبەجێکردنی یاساکان. تۆمارەکانی مێژووی یاسادانان بابەتی گرنگن بۆ شیکردنەوەی یاسا بەرکارەکان‌و دانانی یاسای نوێ.
ئەم توێژینەوەیە تێڕوانینێکی گشتی پێشکەش دەکات سەبارەت بە مێژووی یاسادانان‌و پرۆسەی یاسادانان لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی عێراق‌و شوێنی دۆزینەوەی دۆکیۆمێنتەکانی پەرلەمان. هەروەها توێژینەوەکە هەندێک لەو هۆکارانەش پوخت دەکاتەوە کە وادەکەن توێژەران بایەخ بە مێژووی یاسادان بدەن، بەکورتیش وەسفی ئەو رێککارانە دەکات کە رەنگە یاسادانەر لەمیانی پرۆسەی

یاسادانان لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی عێراق رووبەڕوویان ببێتەوە، لیستێکیش بەو سەرچاوە چاپکراوو ئەلیکترۆنیانە پێشکەش دەکات کە بەئاسانی دەستیان پێ رادەگات، بەپێی پێویستیش ئەم لیستە نوێدەکرێتەوە.

## پەیکەری توێژینەوە

توێژینەوەکە بۆ سێ بەش دابەشکراوە، بەشی یەکەم: بریتییە لە چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکەو کێشەو ئامانجەکانو بایەخەکەیو ئەو میتۆدەی لە لێکۆڵینەوەکەدا پەیڕەو کراوە. هەرچی بەشی دووەمە: ئەوا دوو تەوەر لەخۆدەگرێت، تەوەری یەکەم: ناساندنی پەرلەمانو هەر سێ ئەرکەکەی یاسادانانو چاودێریکردنو ئەرکی نوێنەرایەتیکردنە. تەوەری دووەمیش: بڵاوکردنەوەی یاساکانو ئامانجو بایەخەکەیەتی. بەشی سێیەمیش سێ تەوەرە، یەکەمیان: مێژووی یاسادانانو دووەمیش: جۆرەکانی دۆکیۆمێنتی یاساییە. تەوەری سێیەمیش: ئەو یاسایانەیە کە لەساڵی ١٩٩٢وە تا ساڵی ٢٠١٨ لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دەرچوون. کۆتاییەکیشی هەیە کە گرنگترین ئەنجامو راسپاردەکان لەخۆدەگرێت.

## کێشەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات وەڵامی چەند پرسیارێک لە بابەتی (مێژووی یاسادانان) بداتەوە ئەو پرسیارانەش بریتین لە :

١. چەمکی دۆکیۆمێنتی یاسایی چییە؟و لەکوێدا بوونی هەیە؟و ئەو رێگایانە کامانەن کە پێویستە هاووڵاتی بیانگرێتەبەر بۆ گەیشتن بەو دۆکیۆمێنتانە؟
٢. ئەگەر دامەزراوەکانی یاسادانان لە دەرچوواندنی یاساکاندا ئەم هەنگاوانە پەیڕەو دەکەنو هەر هەنگاوێکیش دۆکیۆمێنتو

گفتوگـــۆی تایبـــەت بـــەخۆی هەیـــە، ئـــەوا جۆرەكـــانی ئـــەو دۆكیۆمێنتانەو ناوەرۆكی گفتوگۆكان چین؟

٣. ئایـا بڵاوكردنـەوەی دۆكیـۆمێنتی یاسـایی كاریگـەری لەسـەر ڕەوشی سیاسیو یاسادانان لە پەرلەمانەكاندا دەبێت؟

## میتۆدو ئامرازەكانی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە سەر بە میتۆدی وەسفی شیكارییە، چونكە نزیكترین میتـــۆدە بـــۆ بـــەدیهێنانی ئامـــانجی توێژینەوەكـــە، ئـــامرازی بـەكارهاتووەكانیش لـەم توێژینەوەیـەدا تێبینیـە، لەبەرئـەوەی تـوێژەر یەكێكە لە كارمەندانی دامەزراوەی پەیوەندیدار بە توێژینەوەكە.

## بایەخی توێژینەوە

توێژینـەوەكانی مێـژووی یاسـادانان بـۆ هـەموو هاووڵاتیـانو خـودی دەسـەڵاتی یاسـادانانیش گـرنگن. چونكـە تێیـدا تۆمارەكـانی مێـژووی یاسـادانانو گەشـەكردنی یاسـاكان بـە دۆكیۆمێنـت دەكـرێن، كـە تێیـدا دادەڕێژرێنو گفتوگۆیان لەبارەوە دەكرێتو هـەموار دەكـرێنو لەلایـەن دەسـەڵاتی یاســادانانەوە ڕەزامەنــدییان لەســەر دەدرێــت یــان ڕەت دەكرێنـەوە. لـەم بارەیـەوە، تۆمارەكـانی مێـژووی یاسـادانان بایـەخێكی زۆریـان هـەیـە وەك ئاماژەیـەك بـۆ ئـەوەی پێـی دەوترێـت مەبەسـتی یاسـادانان. نیـازی یاسـادانانیش ئاماژەیـە بـۆ هۆكـاری دروسـتكردنی یاسـاكان، بـەم پێیـەش ڕەگـەزێكی گرنگـە بـۆ تێگەیشـتن لـە چـۆنێتی جێبەجێكردنی یاساكان. تۆمارەكانی مێژووی یاسادانانیش سـەرچاوەی گرنگن بۆ شیكردنەوەی یاسا بەركارەكانو پێكهێنانی یاسای نوێ.

## ئامانجەکانی لێکۆڵینەوە

ئامـانجی سـەرەکی دانـانی یاسـاکان خـۆی لـە بنیاتنـانی کۆمەڵگەیـەک دەبینێتــەوە کــە لەســەر بنــەمای رێزگــرتن لــە سیســتمو یاســاکان دامــەزرابێتو لــەڕووی یاســاییەوە شــیاو بێــت بۆئــەوەی ئــەو بەرپرسـیارێتیە رابپـەڕێنێت کـە دەکەوێتـە ئەسـتۆی. لەبەرئـەوە دەبێـت دامــەزراوەکانی یاســادانان شــەفافیەتی تــەواویان هــەبێت لــە بڵاوکردنــەوەی دۆکیۆمێنتــە یاســاییەکانیان تــا بەردەســت بــن بــۆ هاووڵاتیانو پەیوەندیداران بە جێبەجێکردنی یاساکانو بەتایبەتیش لە دامەزراوەکانی دەسەڵاتی دادوەریدا، بۆیە ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە:

١. دیاریکردنی مەبەست لە زاراوەی دۆکیۆمێنتە یاساییەکان.
٢. ئاشــکراکردنی چــۆنێتی بڵاوکردنــەوەی یاســاکانو شــوێنی بڵاوکردنەوەیانو چۆنێتی دەستپێڕاگەیشتنیان.
٣. راســتکردنەوەی پرۆســەی بڵاوکردنــەوەی دۆکیۆمێنتــە یاساییەکان لە پەرلەمانی کوردستانی عێراقو راوەستان لەسەر لایەنـە بـەهێزەکانیو پاشـان پتـەوترکردنیانو دیـاریکردنی خاڵـە لاوازەکانیو دواتر چارەسەرکردنو گەشەپێدانیان.
٤. بڵاوکردنـەوەی ناونیشـانی کـۆی ئـەو یاسـایانەی لـە پەرلـەمانی هەرێمی کوردستانی عێراق دەرچوون.

## توێژینەوەکانی پێشوو

لـەمیانی لێکۆڵینـەوە لـە توێژینـەوەکانی پێشـوو و تـا ئامـادەکردنی ئـەم توێژینەوەیــە، توێژنــەوەمان نەبینیوەتــەوە لــەم بــوارەی کۆڵیبێتــەوە، لەبەرئــەوە توێژینەوەکــە بــە یــەکێک لــە توێژینــەوە ئاشــکراکەرەکان دادەنرێت.

# بەشی دووەم
# مێژووی یاسادانان

پەرلەمان

ئەرکەکانی پەرلەمان

بڵاوکردنەوەی یاساکان

مێژووی یاسادانان

جۆری دۆکیۆمێنتەکانی یاسادانان

## پەرلەمان

پەرلەمان یان ئەنجومەنی نوێنەران یاخود ئەنجومەنی گەل، دەستەیەکی یاسادانانە نوێنەرایەتی دەسەڵاتی یاسادانان دەکات لە دەوڵەتە دەستوورییەکانداو لە بنەڕەتدا تایبەتمەند دەبێت بە هەموو هەڵسوکەوتەکانی دەسەڵاتی یاسادانان بەپێی بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان‌و لە کۆمەڵێک کەسیش پێکدێت کە پێیان دەوترێت نوێنەر یان پەرلەمانتار. پەیوەندیکردنیشیان بە پەرلەمانەوە لەڕێی هەڵبژاردن‌و دەنگدانی گشتییەوە دەبێت بە بەکارهێنانی شێوازی دیموکراتی‌و هەندێک جاریش دادەنرێن، ژمارەشیان بەپێی ڕێژەی دانیشتووانی دەوڵەت دیاری دەکرێت. هەروەها لەڕێی ئەو هاووڵاتیانەوە هەڵدەبژێردرێن کە ناویان لە لیستی ناوی دەنگدەراندا تۆمارکراوە لە پرۆسەیەکی هەڵبژاردن یان دەنگدانی گشتی نهێنی‌و ڕاستەوخۆدا، پەرلەمان دەسەڵاتی تەواوی دەبێت لەو کارانەی پەیوەندیان بە دەرکردنی یاساکان یاخود هەڵوەشاندنەوەیانەوە هەیەو یان پەسەندکردنی ئەو ڕێککەوتنە نێودەوڵەتی‌و دەرەکییانەی نوێنەرانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن ئیمزایان دەکەن، پەرلەمانیش بەپێی هەر دەوڵەتێک ناوی جیاجیای هەیە، وەک "ئەنجومەنی نوێنەران"، "ئەنجومەنی یاسادانان"، "ئەنجومەنی گەل" یان "کۆمەڵەی نیشتمانی" یاخود "کۆنگرەی نیشتمانی گشتی". هەروەها پەرلەمان لە یەک ئەنجومەن یاخود دوو ئەنجومەن پێکدێت، هەر سیستمێکیش تایبەتمەندی‌و کەموکوڕی خۆی هەیە کە ئەزموونی زانستی لە هەندێک دەوڵەتی جیهاندا دەریخستوون (Siteresources.worldbank.org, 2018).

دەسەڵاتی یاسادانان یەکێکە لە سێ دەسەڵاتەکەی دەوڵەتی هاوچەرخ، چونکە شانبەشانی ئەم دەسەڵاتە، دەسەڵاتی جێبەجێکردن – جێبەجێکاری یاساو دەسەڵاتی دادوەری کە یاسا بەسەر ئەو کێشانەدا جێبەجێ دەکات کە روودەدەن، بوونیان هەیە، ئەم سێ دەسەڵاتەش کە سیستمی سیاسی دەوڵەت پێکدەهێنن، لەسەر بنەمایەکی بەناوبانگ جێگیربوون ئەویش"بنەمای جیاکردنەوەی نێوان دەسەڵاتەکانە" بە ئامانجی رێگرتن لە چڕبوونەوەی دەسەڵات لە دەستی یەک کەس‌و رێگرتن لە ستەمکاری لە دەسەڵاتدا. (درویش، ٢٠٠٨، ص١)

## ئەرکەکانی پەرلەمان

پەرلەمانەکان جیاوازن لە قەبارەو لە چۆنێتی هەڵبژاردنی ئەندامەکانیان‌و لەو ماوەیەی لە پۆستەکانیاندا دەبن‌و لە رێگاکانی پەیوەندییان بە حزبە سیاسییەکان‌و دەنگدەران‌و لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دەسەڵاتە جێبەجێکارەکان‌و لە بەرپرسیارێتییان لە دانانی یاساکان‌و بودجەو لە چۆنێتی سەرپەرشتیکردنی خەرجی‌و چالاکییە جێبەجێکارییەکاندا، بەڵام توێژەران زیاتر بۆ ئەوە دەچن کە کۆکبوونێک هەیە لەسەر ئەوەی لە دیموکراتییە هاوچەرخەکاندا پەرلەمانەکان سێ ئەرکی هاوبەشیان هەیە، ئەوانیش بریتین لە: نوێنەرایەتیکردن، دانانی یاساو چاودێریکردن(K. Johnson, 2018).

لەم بەشەدا بەکورتی لێکۆڵینەوە لەم سێ ئەرکەی پەرلەمان دەکەین‌و فۆکەس دەخەینە سەر ئەرکی سەرەکی‌و رەسەنی پەرلەمان کە ئەویش ئەرکی یاسادانان‌و بایەخی مێژووی یاسادانانە بۆ پەرلەمان‌و هاوولاتیان‌و دادگاکان.

**یەکەم: ئەرکی چاودێریکردن**

ئـەرکی چـاودێریکردن لـە پەرلەمانـدا گرنگتـرین لایـەنی چالاکییـەکانی پێکدەهێنێت لە دەوڵەتی هاوچەرخدا، بەڵکو پەرلەمان لە راستیدا بەر لە هـەر شـتێک بـە کۆمەڵەیـەک دادەنرێـت بـۆ چـاودێریکرنی کارەکـانی دەسـەڵاتی جێبـەجێکردن، چونکـە ئـەرکی چـاودێریکردن لـە دەنگـدان لەسـەر یاسـاکان گرنگتـرە (الحـاج،٣٨:٢٠١٥) بەوپێیـەی تایبەتمەنـدی یاسادانان بەهیچ جۆرێک پێش تایبەتمەندی چاودێریکردن نەکەوتووە لـەڕووی مێژووییـەوە، لەبەرئـەوەی تایبەتمەنـدی دارایـی کـۆنترین تایبەتمەندییە لـەڕووی مێژووییـەوەو بگرە هۆکـاری راستەخۆیشـە بـۆ دروستبوونی پەرلەمانەکان. (عطالله،٢٠١٦: ٥٤).

چاودێریکردنی پەرلەمانی کە بە چاودێریکردنی یاسادانانیش ناسـراوە، لــەم ســاڵانەی دواییــدا دانپێـدانانو ناوبــانگێکی گــەورەی پەیــداکرد لەبەرامبەر خواستی رووڵەزیادبوو لەسەر حوکمڕانی بـاش لـە جیهانـدا. لەراستیشـدا ئـەو ئەرکـە پێـوەری کاریگـەری پەرلەمانـەو سـێ ئامـانجی سـەرەکی هـەیە:

١. گرەنتــی شــەفافیەتو کرانــەوەی رێکارەکــان – بڕیارەکــانی دەسەڵاتە جێبەجێکارەکان.
٢. لێپرسینەوە لە بەڕێوەبری جێبـەجێکار – لێپرسینەوەی دارایـیو لێپرسینەوەی بەگەڕخستن.
٣. پارێزگاریکردن لە سەروەری یاسا.

چـاودێرکردنی پەرلـەمانی بـەوە پێناسـە دەکرێـت کە:"ئـەو پرۆسـەی چاودێریکردنەیـە کـە پەرلـەمانتاران بـە تـاک یـان بەکۆمـەڵ، یـاخود لــەڕێگای لیژنــەکانی پەرلەمانــەوە بەســەر کارەکــانی حکومــەتو

ئەندامەکانیـــەوە پـــەیڕەوی دەکـــەن بـــە بـــەکارهێنانی هۆکـــارە ڕێگەپێـــدراوەکانی چـــاودێریکردن بـــەپێی دەســـتوور، ئـــەویش بـــۆ گرەنتیکردنـــی چێبـــەکردنی سیاســـەتە گشـــتییە پەســـەندکراوەکان، بـــە مەبەستی پاراستنی مافو بەرژەوەندییەکانی ئەو بنکەی جەماوەرییەی لێوەی پەیدابوون". (عطالله،٢٠١٦: ٥٨).

پـــەیڕەوی نـــاوخۆی پەرلـــەمانی کوردســـتان چەنـــدین هۆکـــاری چـاودێریکردنی دەقنـووس کـردووە کـە دەکرێـت توانـای ئـەوە بدەنـە پەرلەمانتاران‌و لیژنـەکانی کـە چاودێری حکومـەت بکـەن، لـە گرنگترین ئـەو هۆکارانـەش، پرسـیارەکانی پەرلـەمان‌و لێپرسـینەوەو لیژنـەکانی لێکۆڵینەوەو سـەندنەوەی متمانـەو پەسـەندکردنی بودجـەی گشـتییە، کـە پەیڕەوی نـاوخۆ باسـی ئـەم هۆکارانـەی لـە بەشـی حەوتـەم‌و بـەدوای یەکدا لە ماددەی (٥٨) بۆ ماددەی (٦٧) کردووە.

**دووەم: ئەرکی نوێنەرایەتیکردن**

لـــە پەرلەمانـــە دیموکراتییەکانـــدا، هاووڵاتیـــان ئەنـــدامانی پەرلـــەمان هەڵدەبژێرن. زۆر جاریش، کورسییەکانی پەرلەمان بەشێوەیەک دابـەش دەکـرێن کـە لێپرسـینەوە لـە هـەر ئەنـدامێک لـەو پەرلەمانـەدا بکرێـت لەلایـەن ژمارەیـەک دەنگدەری دیاریکراو لـە گرووپێکـی جوگرافی یان ئەتنیکی یان ئاینی یاخود هەر گرووپێکی دیکە.

لـە سـەرانسـەری جیهانـدا هاووڵاتیـان زیـاتر ئـارەزووی ئـەوە دەکـەن ئەنـدامانی پەرلـەمان بەشـێوەی کەسـی بناسـن زیـاتر لـەوەی لەگـەڵ بەرپرسـانی دیکـە دەیکـەن. دەنگدەران باسـی "ئەندامی شـارەوانی" یـان "ئەنـدامی کـۆنگرێس" یـان "ئەنـدامی ئەنجومـەنی پیـران" یـاخود "ئەنـدام

پەرلـەمان" یـان "نوێنـەر" دەکـەن. مـرۆڤ زۆرجـار گـوێی لـەوە نابێـت کەسـانێک باسـی "سـەرۆک" یـان "دادوەر" یـان "بیرۆکراتێـک" بکـەن، بەپێچەوانـەی سـەرۆکە جێبەجێکارەکانـەوە کـە نوێنەرایـەتی تـەواوی دەوڵـەتان دەکـەن، یـان ئـەو بیرۆکـراتو دادوەرانـەی بەرپرسـیارێتییان جێبەجێکردنی یاساو شیکردنەوەیەتی بەشێوەیەکی بێلایـەن لەبەرامبـەر هەموو هاوولاتیاندا، ئەوا یاسادانەران بەرپرسیارن لـەوەی نوێنەرایـەتی جیاوازییەکان بکەن لە کۆمەڵگـەو گواستنەوەی ئـەو جیاوازیانـە بـۆ نـاو پرۆسەی دروستکردنی سیاسەت (K. Johnson, 2018) .
ئـەم نزیکییـەش لـە هاوولاتیـان بنکەیـەک بـۆ ئـەرکی نوێنەرایـەتیکردن پێکدەهێت کـە پەرلـەمان جێبـەجێی دەکات. بـەپێی (جۆن ک. جۆنسۆن) کە بۆ پەیمانگای بانکی نێوەدەوڵەتی نووسیوە "بەپێچەوانەی دەسـەڵاتی جێبەجێکردنەوە کە نوێنەرایەتی تـەواوی نەتـەوە دەکاتو بەپێچەوانـەی ئـەو بیرۆکـراتو دادوەرانـەی بەویژدانـەوە کـار لەسـەر جێبـەجێکردنو وەرگێڕانـی سـەرجەم یاسـاکان دەکـەن بەرامبـەر سـەرجەم هاوولاتیـان، ئـەوا ئەنـدامانی پەرلـەمان نوێنەرایـەتی ئـەو جیاوازیانـە دەکـەن کـە لـە کۆمەڵگـەدا هـەنو ئـەو جیاوازیانـە دەگوازنـەوە بـۆ گۆڕەپـانی سیاسـی". لێـرەوە پەرلــەمان بــەو ســیفەتەی کۆکــەرەوەی ئــەو جیاوازیانەیــە، نوێنەرایەتی تێڕوانینو بیرۆکەکانی گەل دەکات. سەبارەت بە ئەنـدامانی پەرلەمان نوێنەرایتیکردنی کارا پێویستی بە هێنانەئارای دیالۆگـە لەگـەڵ دەنگدەرانیان بەئامانجی تێگەیشتن لـە راو خواسـتەکانیانو بـەکارهێنانی ئــەو دەســەڵاتانەی بــەحوکمی پۆســتەکەیان پێیــان دراوە (بــۆ نموونــە یاسادانانو بەشداریکردن لە گفتوگۆکـانو داڕشـتنی پرسـیارەکان...هتـد) بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی ئەو بیرۆکانەی لێی دەکەوێتەوە. لە زۆرێک

له دەوڵەتاندا، پێویستە ئەندامانی پەرلەمان لەبری دەنگدەرانیان گوشار بخەنە سەر هەندێک پرۆژەو پرسی دارایی. بە حوکمی ئەرکی نوێنەرایتیکردنیشیان پێویستە ئەندامانی پەرلەمان بگەڕێنەوە بۆ دەنگدەرانیان بۆ خستنەڕووی دەستکەوتەکانیان. لەپاڵ بەشدارییپێکردنی ئەو دەنگدەرانەش لە دیالۆگدا، دەکرێت پەرلەمانتاران جۆری دیکەی خزمەتگوزاری هەڵبژاردن پێشکەش بکەن بە لێکۆڵینەوە لە حاڵەتەکانیشەوە (بۆ نموونە، یارمەتیدان لە چارەسەرکردنی کێشەی دەنگدەران). لە کۆتاییشدا، کارایی ئەندامانی پەرلەمان لە بەجێگەیاندنی ئەرکی نوێنەرایەتیان دەردەکەوێت سەبارەت بە چۆنێتی تێڕوانینی هاوولاتیان بۆ کارلێکیان لەگەڵ ئەو پەرلەمانتارانە-Agora) . parl.org, 2018)

هەمیشە پەرلەمانە دیموکراتییەکان کەناڵی تەلەفزیۆن‌و رادیۆو پێگەی ئەلیکترۆنی‌و چاپەمەنییان هەیە کە بۆ تێکەڵکردنی هاوولاتی بە ژیانی سیاسی دیزان کراون. تەنانەت لە هەندێک دەوڵەتدا پەرلەمانەکان پارەی پێویست بۆ پارمەتیدانی ئەندامانی پەرلەمان دابین دەکەن بەمەبەستی کردنەوەی نووسینگە لە بازنەکانی هەڵبژاردنیان‌و دابینکردنی خەرجی هاتووچۆیان. لەبەرئەوەش کە قورسە بۆ هاوولاتیان ببینن چۆن لە پەرلەمان نوێنەرایەتی دەکرێن لە کاتێکدا ئەگەر پەرلەمان شەفاف نەبێت‌و ئەندامانی پەیوەندییان لەگەڵ خەڵکدا نەبێت، بۆیە شەفافیەت کۆڵەگەیەک لە کۆڵەگەکانی ئەرکی نوێنەراتیکردن پێکدەهێنێت.

پەرلەمانەکان نزیکترین لقی حکومەتن لە خەڵکەوەو پێویستە پەرلەمانتاران زیاتر لە هەر بەرپرسێکی دیکە لەسەر ئاستی نیشتمانی،

ئاگاداری پێویستییەکانی دەنگدەران بن‌و پێشبینی کراو بێت کە وەڵامی ئەو پێداویستیانە بدەنەوە.
بەپێی ماددەی سێیەم لە یاسای هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان، ئەندامی پەرلەمان نوێنەرایەتی گەلی کوردستان دەکات بە هەموو پێکهاتەکانیەوە (کوردو تورکمان‌و کلدۆئاشوورییەکان). هەروەها نوێنەرایەتی دامەزراوەی پەرلەمانیش دەکات لە بۆنە رەسمییەکاندا ئەویش لەچوارچێوەی برگەی حەوتەم لە ماددەی هەژدەیەم لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، دواجاریش ئەندامی پەرلەمان نوێنەرایەتی حزبەکەی یاخود ئەو گرووپە دەکات کە ئەندامیەتی لە ناو پەرلەماندا ئەویش لە چوارچێوەی ماددەی ١١٠ لە پەیڕەوی ناوخۆدا.

## ئەرکی یاسادانان

یاسادانان ئەو کۆمەڵە ڕێسا یاساییە نووسراوەیە کە لەلایەن دەسەڵاتی خاوەن یاساوە لەدەوڵەتدا دەردەکرێن، یاسا هاوشێوەی یاسادانان (التشریع) نییە، چونکە یاسا ئەو کۆمەڵە ڕێسا گشتییە رووتە پابەندکەرەیە کە کۆنترۆڵی پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان لەنێو کۆمەڵگەدا دەکات بە گونجاندنی بەرژەوەندییە کۆمەلایەتییەکان یاخود بە زاڵکردنی هەندێک لەو بەرژەوەندییانە بەسەر هەندێکی دیکەیاندا بەپێی فەلسەفەیەکی یاسایی کە لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆمەڵگەدا باوە، بۆیە یاسادانان یەکێکە لە رووکارەکانی یاسا، بەڵام چەمکی گشتی یاسا ناگرێتەوە، چونکە چەند سیستمێکی یاسایی هەن یاسادانان تێیاندا شوێنێکی بەرچاو ناگرێت وەکو سەرچاوەیەک لە سەرچاوەکانی یاسا، وەک سیستمی ئەنگلۆسەکسۆنی کە نەریت وەک ئەوەی لە پێشهاتە دادوەرییەکاندا هەیە، رۆڵی سەرچاوەی سەرەکی یاسا دەگێڕێت. هەرچی پرۆسەی یاسادانانیشە ئەوا ئەو قۆناغو ڕێکارانەیە کە دەرچوونی یاسا ڕێکدەخات. (موس، ۲۰۰۳: ۱۵).

یاسادانان بەسەرچاوەی سەرەکی یاسا دادەنرێتو مەبەستیش لە یاسادانان دانانی ڕێسا یاساییەکانە لەلایەن دەسەڵاتی تایبەتمەندو دارشتنی حوکمە یاساییەکانە لەشێوەی دەقی نووسراودا کە تاکەکان پابەند دەکات ملکەچی حوکمەکانی بن، یاسادانانی یاساییش بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت لەوانە پێشنیارکردنی یاساو گفتوگۆکردنیو پەسەندکردنی واتە بڕیارلێدانیو پاشان بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمیدا(Damascusbar.org, 2019) .

ئەرکی یاسادانان بە یەکێک لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی دەسەڵاتی یاسادانان دادەنرێتو ئەو ئەرکەش خۆی دەبینێتەوە لە دارشتنی یاساکانو پێشنیارکردنیانو بڕیارلێدانیان یاخود پێشنیارکردنی پرۆژەیاسا لەلایەن حکومەتو رەزامەندی دەربڕینی پەرلەمان لەسەریانو ناردنیان بۆ سەرۆکی دەوڵەت بۆ پەسەندکردنیانو دەرکردنیان. (شبر، ٢٠١٦: ١٢٦) وەک رێسایەکی گشتیش، یاساکە ئامادە دەکرێتو دواتر وردبینی تێدا دەکرێتو پەسەند دەکرێت، پاشان بڵاودەکرێتەوە. قۆناغی یەکەمیش ئامادەکاری بۆ کۆپی یەکەمی پرۆژەکە (پرۆژەیاسا) لەخۆدەگرێت کە بیرۆکەی یاساکەی تێدا بەدی دێت، ئەوانەش کە ئامادەکاری بۆ پرۆژە یاساکان دەکەن بریتین لە: تاک، گرووپێک لە تاکەکانو کۆمەڵەکان، بەڵام هەمیشە دەستە حکومییەکانو پەرلەمان رەنگە ئەم کارە ئەنجام بدەن (Nato.int, 2018) .

بە مانا تەقلیدییەکەی، رۆڵی سەرەکی پەرلەمان خۆی لە دانانی یاسای نوێو گۆڕینی یاسا کۆنەکان یان باشکردنیانو بەرکارکردنی یاسا فیدراڵییەکان لە سیستمە فیدراڵییەکاندا دەبینێتەوە، ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە پەرلەمان بە ناوی دەسەڵاتی یاسادانانیش ناسراوە.

بەوپێیەی پەرلەمانەکان رۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە دامەزراندنی ئەو سیستمە یاساییەی ژیانی کۆمەڵگە رێکدەخاتو دواتریش دڵنیابوونەوە لەوەی بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی لەچوارچێوەی شەفافیەتو لێپرسینەوەدا بەڕێوەدەچێت، ئەوانەش بنەماکانی حوکمڕانی باشن (عطاللە،٢٠١٦: ٥٢)، لەبەرئەوە ئەو دەوڵەتانەی خاوەنی سیستمی جیاجیان، پرۆسەی دەرکردنی یاساو میکانیزمەکانی رێکدەخەنو لە

دەستوورو یاساکانی هەڵبژاردن‌و پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانەکاندا باسی دەکرێت.

بەڵام لە هەرێمی کوردستانی عێراق ئەوا ئەرکی یاسادانان دابەشکراوە لەنێوان هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان‌و جێبەجێکردندا، چونکە دەستووری عێراقی فیدراڵ بۆ ساڵی ٢٠٠٥ لە ماددەی ١٢١/ یەکەمدا مافی ئەوەی بە دەسەڵاتی هەرێم داوە کە دەسەڵاتی یاسادانان پەیڕەو بکات بەپێی حوکمەکانی ئەو دەستوورە، جگە لەو تایبەتمەندیانەی تایبەتکراوان بە دەسەڵاتی فیدراڵی. (محی الدین واخرون،٢٠١٦: ١٦)ز

لەچوارچێوەی ئەوەشدا یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢و هەموارەکانی (البزاز،٢٠٠٩) لە دەروازەی پێنجەمداو لە ماددەی (٥٦) باسی ئەرک‌و دەسەڵاتەکانی پەرلەمانی کوردستانی کردووە، لەوانەش یاسادانان‌و دارایی‌و چاودێریکردنی کاری دەسەڵاتی جێبەجێکردن، پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانیشلە بەشی هەشتەم ماددەی (٧٧) تا ماددەی (٩٧) باسی پرۆسەی یاسادانان لە پەرلەمانی کوردستان‌و ئەو لایەنانە دەکات کە مافی ئەوەیان هەیە پرۆژەو پرۆژەیاسا پێشکەش بکەن ئەوانیش بەم شێوەن: (perleman.org,2019)

١. پرۆژە یاسا یان پرۆژە بڕیار لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە پێشکەش دەکرێت.
٢. پێشنیاری یاسا یان پێشنیاری بڕیار لەلایەن (١٠) دە ئەندام بەلانی کەمەوە پێشکەش دەکرێت.

٣. پێشـــنیاری یاســـا یـــان ئـــەو بڕیارانـــەی لەلایـــەن دەســـەڵاتی دادوەرییـــەوە پێشـــکەش کـــراون لـــەو جێگایانـــەی پەیوەنـــدیان بەخۆیەوە هەیە.

٤. پێشـــنیاری یاســـاو ئـــەو بڕیارانـــەی لەلایـــەن دامـــەزراوە فەرمییەکانەوە پێشکەش کراون بەپێی یاسا بەرکارەکان.

بەڵام سەبارەت بە پێشنیاری یاساو ئەو بڕیارانەی لەلایەن ژمارەی پێویست لە ئەندامانەوە پێشکەش دەکرێن، پێویستە شێوازی یاساییان هەبێتو لەلایەن لیژنەی یاساییەوە یەکلایی بکرێنەوە بە هاوئاهەنگی لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی لەماوەی (١٤) چواردە رۆژدا لە مێژووی پێشکەشکردنیەوە بەپێی گونجانی لەگەڵ یەکێک لەم پێودانگانەی خوارەوە:

١. بوونی بابەتێکی گشتی پێویست بە دەرکردنی یاسایەک یان بڕیارێک بکات.

٢. بوونی بۆشاییەکی یاسایی.

٣. ئەگەر گرفتێک هەبوو لە جێبەجێکردنی یاسادا پێویست بە هەموارکردن بکات.

٤. پێویستە بارگرانییە داراییەکان لەسەر حکومەت لەبەرچاو بگیرێن لەکاتی دەرکردنی ئەم یاساو بڕیارانەدا.

دوای سەیرکردنی پێشنیاری یاسا یان بڕیارەکە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیو لیژنەی یاساییەوە، ئەگەر دەرکەوت یەکێک لەو پێودانگانەی تێدا نییە کە لەسەرەوە هاتوون رەت دەکرێتەوەو خوێندنەوەی یەکەمی بۆ ناکرێت. ئەگەر رای دەستەی سەرۆکایەتیو لیژنەی یاساییش بڕواپێهێنەر نەبوو بۆ ئەو ئەندامانەی پەرلەمان کە

پێشنیاری یاسا یان بڕیارەکەیان پێشکەش کردووە، بابەتەکە دەخرێتە بەردەم پەرلەمان بۆ یەکلاکردنەوەی. لەکاتی ڕەتنەکردنەوەی پێشنیاری یاسا یان بڕیارەکەش بەگشتیو دەستەی سەرۆکایەتیو لیژنەی یاساییش تێبینییان لەسەری هەبوو، پێشنیار یان بڕیارەکە دەگەڕێندرێتەوە بۆ ئەو ئەندامانەی پێشکەشیان کردووە بۆئەوەی تێبینییەکان لەبەرچاو بگرنو دووبارە پێشکەشی بکەنەوە، ئەویش بەپێی ماددەکانی ٧٩و ٨٠ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

بەپێی ماددەی ٨١ی پەیڕەوی ناوخۆش هیچ پرۆژەیەکی پێشنیارکراو وەرناگیرێت ئەگەر هەمان ناوەرۆکی پرۆژەیەکی پێنشارکراوی دیکەی هەبێت کە لەژێر دەستی لیژنەی تایبەتمەنددا بێت بۆئەوەی راپۆرتی لەبارەوەی بنووسێت، یان ئەگەر لیژنەی تایبەتمەند بۆی دەرکەوت کە دژبەیەکییەک هەیە لەنێوان پرۆژەیاسای پێشنیارکراوو پرۆژە یاساکە لەڕووی بنەما جەوهەرییەکانەوە. پرۆژەیاساش بە بنەڕەتی دادەنرێت ئەگەر لەڕووی بنەماوە هاوشێوە بوو لەگەڵ پێشنیاری یاسایەکی دیکەی پێشکەشکراو بەمەرجێک پێشنیاری یاساکە نەچووبێتە قۆناغی نووسینی راپۆرتەوە.

پەیڕەوی ناوخۆ پێشینەیی دەدات بەو پرۆژەیاسایانەی لەلایەن حکومەتەوە پێشکەش دەکرێن، چونکە راستەوخۆ خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەو پرۆژەیاساو بریارانە دەکرێت کە لەلایەن حکومەتەوە پێشکەش دەکرێن لەو دانیشتنەی دوای گەیشتنیان بۆ پەرلەمان دێت، ئەویش بەپێی ماددەی ٨٣.

لە ماددەکانی دیکەشدا تا دەگاتە مادەی ٩٧ پەیڕوی ناوخۆی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان میکانیزمی ئامادەکردنی راپۆرتی

لیژنـەكانی سـەبارەت پرۆژەیاسـاكانو خوێندنـەوەی دووەمو چـۆنێتی پرۆسەی گفتوگۆكردنی بڕگەو ماددەكانی پرۆژەكان لەلایـەن ئەندامانی پەرلەمانو دەنگدان لەسەریانی ڕێكخستووە.
دوای ئەوەی پەرلەمان دەقی ئەو یاسایە پەسـەند دەكات كـە ڕەوانـەی كـراوە لەلایــەن حكومــەت یــان لەلایــەن ژمــارەی یاســایی ئەنـدامانی پەرلەمانەوە، پەرلەمان لەماوەی ١٥ ڕۆژ لـە مێژووی پەسـەندكردنیەوە ئەو دەقە دەنێرێت بۆ سـەرۆكی هەرێم بەمەبەستی دەركردنی.

## بڵاوكردنەوەی یاساكان

قۆنـاغی كۆتـایی لـە پرۆسـەی دروسـتكردنی یاسـاكاندا، بڵاوكردنـەوەی یاسایە، چونكە پێویستە یاسا بەشـێوەیەكی ئاسـانو خوێندراوو ڕەوان بگاتـە هـاووڵاتی. ئەگـەر هـاووڵاتی نـەیتوانی بەشـێوەیەكی ئاسـان لـە مافـەكانی خـۆی تێبگـات، واتـە دەسـتی بـە یاسـا بگـاتو بیخوێنێتـەوەو بەشـێوەیەكی ئاسـانو خێـرا لێـی تێبگـات، كەواتـە چـۆن لەبەرامبـەردا سزای بەسـەردا دەسەپێنین ئەگەر یاساكە جێبەجێ نەكرێتو چۆن ئـەو وتە یاساییە دێرینەی بەسـەردا جێبـەجێ دەكرێت كـە دەڵێت: "نـەزانینی یاسـا پشـتی پـێ نابەسـترێت". ئـەم ڕێسـایە جێبـەجێ ناكرێـت ئەگـەر مافــەكانی هــاووڵاتی بەردەســت نــەبن. لــەم ڕووەوە ســاڵی ١٩٩٩ ئەنجومەنی دەسـتووری لـە فەرەنسـا بڕیارێكی دەركـرد كـە گرنگییـەكی زۆری هەبوو، ئەویش ئەوە بوو مافەكان هەر چییەك بـن، لـە مافـەكانی مرۆڤەوە تـا دەگاتـە مافـە سیاسـییەكان لـە دادپـەروەریو دیموكراسـیو هەڵبژاردن، لە یاسادا دابین كراون، بۆیە ئەگـەر ئـەم یاسـایە بەردەسـتی

هاووڵاتی نەبێت، ئەوا بێ سوود دەبێت، چ پێویستیمان بەم یاسایانە هەیە ئەگەر لەسەر ڕەفە دابنرێن؟(Lfpcp.org, 2018)

قۆناغی بڵاوکردنەوەی یاساکان خەریکە حاڵەتێک لە شەفافیەتی پێویست دەسەپێنێت چ وەکو پێوەرێکی نێودەوڵەتی یاخود داخوازییەکی نیشتمانی، بەجۆرێک لەگەڵیدا باشکردنی ئەو ژینگە گشتییە بەدیدێت کە سەرچاوەی هەر گەشەپێدانێکە لە میکانیزمەکانی هەردوو کاری دادوەریو جێبەجێکاریدا، ئەویش لەبەرئەوەی یاسا ئامرازێکە لە ئامرازەکانی ڕاییکردنی بەرژەوەندییەکانو پاراستنی مافەکانو گرەنتیکردنی ئازادییەکان بەو پێیەش ئەنجامی سروشتیو ئامانجی سەرەکی بەدیهێنانی ئاگاداربوونی هەمووانە لێی. (صحيفه الاقتصاديه, ٢٠١٩).

لەبەرئەوە یاساکان لە چاپەمەنییە فەرمییەکانو پێگە ئەلیکترۆنییەکان یان داتابەیسی ئەلیکترۆنی یاساکاندا بڵاودەکرێنەوە کە بەئاسانی لەسەر ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانی وەکو مۆبایلی زیرەک یان ئامێری ئایپاد یان لاپتۆپو کۆمپیوتەر دادەگیرێن، لەگەڵ بڵاوکردنەوەی زانیاری لەبارەی یاساکان لە هۆیەکانی ڕاگەیاندندا – لە ڕادیۆو ڕۆژنامەکانو تەلەفزیۆندا –. بەمەبەستی ئەوەی بەهایەکیش بدرێت بە بەشداری هاووڵاتی، زۆربەی پەرلەمانەکان پەنایان بردووە بۆ دروستکردنی وێبسایتی ئەلیکترۆنی کە کارەکانی پەرلەمانو لیژنەکانیان تێدا داناوە، ئەمە جگە پەخشکردنی دانیشتنەکانی پەرلەمان بەشێوەی ڕاستەوخۆ. (رمال،٢٠١٥: ٤-٨-٩)، ڕاپۆرتی جیهانیش سەبارەت بە پەرلەمانی ئەلیکترۆنی تێبینی ئەوەی کردووە کە (١٠٠%)ی پەرلەمانەکان ئامادەییەکی چالاکیان هەیە لە ئینتەرنێتدا

لـەڕێی ویێبسـایتی ئـەلیکترۆنی پەرلەمانـەوە، زۆربـەی ویێبسـایتەکانیش بـەراورد بـە سـاڵی ٢٠٠٧ کارلێکیـان زیـاترە، ئـەویش بـەهۆی نـەوە نوێیـەکانی مۆبایـلو کەناڵـەکانی تـۆڕ ی کۆمەڵایـەتی کـە دەتوانرێـت دەنـگو ڤیـدیۆو دەقیـان تێـدا بڵاوبکرێتـەوە (Williamson, Richardson, and Bikha, 2016 :48).

لە چەندین وڵاتیشدا، یاسا رانەگەیەندراوەکان هێزی یاساییان نییە، لە زۆربەی دەستوورەکانیش لە جیهاندا ئاماژە بۆ ئەمە دەکرێت، لەعێراقی فیدراڵیشـدا بۆئـەوەی یاسـا پابەندکـەر بێـت بـۆ هـەموو هاووڵاتیـان، دەستووری عێراق بەپێویستی داناوە گەل ئاگاداری بێتو لە مێژووی بڵاوکردنەوەیـەوە لـە رۆژنامـەی فەرمیـدا کـاری پێـدەکرێت ئەگـەر پێچەوانـەی ئـەوە دەقنـووس نـەکرابێت، یاسـاکانیش بـەپێی دەسـتوورو مـاددەی ١٢٩ی لـە رۆژنامـەی فەرمیـدا بڵاودەکرێنـەوەو لـە مێـژووی بڵاوکردنەوەیانـەوە کاریـان پێـدەکرێت، دەرچوواندنی رۆژنامـەی فـەرمیش بـە هـەردوو زمـانی عـەرەبیو کـوردی دەبێـتو رۆژنامـەی فـەرمی کۆمـاری عێـراقیش (ئـەلوەقائیع ئەلعیراقیـە) یـە (Damascusbar.org, 2019).لە هەرێمی کوردستانیش یاساکان لە رۆژنامـەی فـەرمی هـەرێمی کوردسـتان (رۆژنامـەی وەقـائیعی کوردسـتان)** بڵاودەکرێنـەوە کـە لەلایـەن وەزارەتـی دادەوە دەردەکرێت بـەپێی یاسـای بڵاوکردنـەوەی هـەرێم ژمـارە (٤)ی سـاڵی ١٩٩٩. رۆژنامـەی وەقـائیعی کوردسـتانیش بـەپێی مـاددەی یـەک لـە یاسـای بڵاوکردنـەوە، تایبەتـە بـە بڵاوکردنـەوەی یاسـاو بڕیارەکـانی پەرلـەمانی کوردسـتانو ئـەوەی بەپاشـکۆیان دادەنرێـتو سیسـتەمو مەراسیمو فەرمانو ڕێنماییو داتاکان.

ماددەی سێیەم لە هەمان یاسا ئەوەی دەقنووس کردووە کە "هەر شتێک لە وەقائیعی کوردستاندا بڵاوبکرێتەوە ئەوە بەدەقی فەرمی پشتپێبەستراو دادەنرێتو لەمێژووی بڵاوکردنەوەیەوە کاری پێ دەکرێت، ئەگەر دەقێکی تێدا نەهاتبێت پێچەوانەی ئەوە بێت". وەک هەموو پەرلەمانەکانی جیهانیش ئەنجومەنی نوێنەرانی فیدراڵو پەرلەمانی هەرێم سوودیان لە تەکنۆلۆجیای هاوچەخی راگەیاندنو پەیوەندی وەرگرتووەو وێبسایتی خۆیان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت دروستکردووە کە یاساکانو کۆنووسی دانیشتنەکانو راپۆرتی لیژنەکانو زۆرینەی دۆکیۆمێنتەکانی پەیوەندیدار بە ئەنجومەنی نوێنەرانو پەرلەمانی هەرێم بڵاودەکەنەوە، ئەنجومەنی نوێنەرانی فیدراڵیش داتابەیسێکی ئەلیکترۆنی یاساکانی هەیە کە ئاسانە بۆ داگرتن لەسەر مۆبایلی زیرەک.

بۆیە بڵاوکردنەوە رێوشوێنێکی پێویستە بۆئەوەی یاساکە بەرکار بێت بۆ هەموو کەسێک، ئەوەش روونادات تا رانەگەیەندرێت بۆ هەموو خەڵک لەرێی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمیدا، هەر بە بڵاوکردنەوەشی پێویستە سەرجەم خەڵک لێی ئاگادار بن، تەنانەت بۆ ئەو کەسانەش کە لە رۆژنامەی فەرمی یان رۆژنامەی رۆژانە یاخود لەرێی رادیۆو هۆکارەکانی دیکەی راگەیاندنەوە ئاگاداری نەبوون (بەپێی بنەمای لێبوردن بۆ کەسێک نییە یاسا نەزانێت). . (Aqlame.com, 2019)

لەلایەکی ترەوە دەرکەوتنی سیماو کەناڵەکانی شەفافیەت لە پەرلەمانەکاندا یارمەتی حوکمڕانی باش دەدەن بۆ گەشەپێدانو پاککردنەوەی دەقە پێشنیارکراوەکان ئەویش لەرێی خستنەڕووی

پرۆژەیاسا بۆ رایگشتیو دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو تویژە پەیوەندیدارەکان (بە زیان بێت یان سوود) بە حوکمەکانی یاساو شوێنەوارەکانی جێبەجێکردنیو سوودوەرگرتن لە مشتومڕ لەبارەیەوەو فراوانکردنی بنکە جەماوەرییەکەیو سایەی رەواییەکەیشی، بۆیە یاساکان نزیکتر لە جێبەجێکردنو ساناتر بۆ تێگەیشتنو ئاسانتر لە مامەڵەکردندا دەردەچن لەوەی دەربچن بەبێ ئاگاداری گشتی خەڵکو بەبێ گفتوگۆکردن لەبارەی ناوەرۆکەکانیانو بەبێ تاقیکردنەوەی ئەگەرەکانی جێبەجێکردنیان بەتوانایەکی بەرزو کاریگەرییەوە لەڕێی خستنەڕوویان بۆ گفتوگۆی گشتی. (الصاوی، ٢٠٠٣).

لەپەرلەمانە زیاتر گەشەکردووەکانیشدا زیاتر رۆیشتوونو هەموو دۆکیۆمێنتە یاساییەکانی تایبەت بە یاساکان لەو قۆناغەوەی پرۆژەیاسان تا دەگاتە راپۆرتی لیژنەکانو دانیشتنەکانی گوێگرتنو کۆنووسی دانیشتنە گشتییەکان تا ئەو کاتەی یاساکە وەکو یاسایەکی گشتی دەردەچێت، بەدۆکیۆمێنت دەکرێت.

مەسەلەی پاراستنی دۆکیۆمێنتە یاساییەکانی پەرلەمانیش لەمەودای دووردا مەسەلەیەکی جەوهەرییە، بەتایبەتی کاتێک کارەکە پەیوەندی هەبێت بە بەردەوامی ئاگاداربوونی هاوولاتیانو کۆمەڵگەی مەدەنیو گرنگیپێدەرانو پەیوەندیدارانی جیاجیا بەو دۆکیۆمێنتانەوە. دەشبینین لێرەدا بە شێوازێکی رەوان گوزراشت لەمە کراوە: پرۆسەی پاراستنی دۆکیۆمێنتەکان بەشێکی گەورە لە بەرپرسیارێتییە سەرەکییەکانی حکومەتە دیموکراتەکان پێکدەهێنێت، چونکە توانای هاوولاتیان لە بڕیاردان لەسەر چالاکی نوێنەرە سیاسییەکانیانو کارایی دامەزراوەو

دەســتە حكومییــەكان بــە ئاســتی ئاگادارییــان لــە دۆكیۆمێنتــەكانی كارەكەیان دەپێورێت. (كمال، ٢٠١٠: ٧٨)

**ئامانج لە بڵاوكردنەوەی یاساكان**

دەكرێت پرۆسەی بڵاوكردنەوەی یاساكان چەندین ئامانج بەدی بهێنن، كە گرنگرتینیان ئەمانەن(Aqlame.com, 2019) :

**یەكەم: پشتیوانیكردنی دەوڵەتی یاساو چەسپاندنی رۆشنبیری یاسایی:** چەسپاندنی دەوڵەتی یاسا كە دروشمی هەموو سیستمەكانە، ناكرێت بەدیبێت لە هەلومەرجێكدا نەبێت بوار بە هاووڵاتیان بدات دەستیان بە یاسا رابگات، بۆ زانینی ئەركو مافەكانیان، دەكرێت ئەوەش لەزۆر رووەوە رەنگدانەوەی ئەرێنی هەبێت، چونكە ئاشنابوون بە یاسا دەشێت بواری سەرپێچیكردنی تاكەكان بۆ ئەو یاسایە كەم بكاتەوە، ئەوە دەبێتە مایەی قورسنەكردنی ئەستۆی دەوڵەت بەو كێشانەی هۆكارەكەیان سەرپێچیكردنی یاسایەو زۆرجاریش لەئەنجامی بێ ئاگاییە لە یاسا.

**دووەم: هێنانەدی شەفافیەت:** دەكرێت پرۆسەی بڵاوكردنەوەی ئەلیكترۆنی شەفافیەتی راستەقینە بەدیبهێنێت كە مەبەست لێی هەڵقوڵانی ئازادانەی زانیاریو توانای ئاگاداربوونە لێی لەلایەن هەموو خەڵكەوە بەشێوەیەكی ئازادانە، ئەوەش بە بڵاوكردنەوەی ئەلیكترۆنی بەدیدێت.

**سێیەم: پشتیوانیكردنی توێژینەوەی زانستی:** هەروەها دەكرێت بڵاوكردنەوەی ئەلیكترۆنی پشتیوانی توێژینەوەی زانستیش بكات، ئەویش لەڕێی بوار رەخساندن بۆ ئاگاداربوون لە دەقە یاساییو

ڕێکخراوەییــە جیاجیاکانــەوە کــە بەگشــتی بــە ڕەگــەزێکی گرنگــی توێژینــەوەی زانســتیو مافناســی بەتایبــەتی دادەنــرێن، ئــەویش بــە شـێوەیەک کـە ئاگـاداربوونی ئـازادو ئاسـان مسـۆگەر بکـات دوور لـە ئــاڵۆزیو خــاوی کــە بوونەتــە مــۆرکی شــێوازە تەقلیدییــەکانی بەدەستهێنانی دەقە یاساییەکان.

## هاووڵاتیو بڵاوکردنەوەی یاساکان

ئـەو سیسـتمانەی ڕۆڵـی هـاووڵاتی لـە پرۆسـەی سیاسـیدا سـنووردار دەکەنو لە دەنگدانی خولیدا کورتی دەکەنەوە، تەنیا بەناو دیموکراتینو نـاتوانن توانـای داهێنەرانـەی گـەلو شـارەزایی بەکۆمـەڵ بقۆزنـەوەو ناسـەقامگیری پتەودەکـەن. بۆیـە دەرفـەتی بەشـداری کـارای هـاووڵاتی بـەبێ ئـاڵۆزی، لـە دیموکراتییـە تازەگەشـەکردوو سـەقامگیرەکاندا فـرە شێوەیە. (روبرت، ٢٠٠٣).

لــە بنــەما جەوهەرییــەکانی حــوکمڕانی دیمــوکرات ئەوەیــە دامــەزاوە فەرمییەکان هـەموویان شـەفافو کـراوە بـن لەبـەردەم هـەموو خەڵکدا، چونکە لە دیموکراتییە نوێنەرایەتییەکاندا، سـەرجەم دامـەزراوەکان "لـە" هاووڵاتیاننو "لەڕێی" ئـەوانو "لـەپێناو ئەوانـدا" کاردەکـەن. لەڕێوشـوێنە پــــەیڕەوکراوەکانیش بــــەپێی بنــــەمای شــــەفافیەت لەدیموکراتییــــە نوێنەرایەتییەکاندا، ئەوەیـە سـەرجەم هاووڵاتیـان مـافی دەسـتڕاگەیشـتن بــە زانیــاری وردو بــێ لایــەنیان هــەبێت ســەبارەت بــە کۆنووســی دانیشتنەکان لە دەستەکانی یاسادانانـدا، لـە ئـەنجامی ئەمەشـدا دەسـتەی یاســادانان هــەموو هــەوڵێکی بەردەســت دەدات بــۆ بڵاوکردنــەوەی

سەرجەم دۆکیۆمێنتە فەرمییەکانو پرۆژەیاساکان بە سەرجەم زمانە فەرمییەکان.(المعهد الديمقراطي الوطني،٢٠٠٧: ٦٣-٦٩).
بەلەبەرچاوگرتنی گرنگی دۆکیۆمێنتە یاساییەکان لە کاری یاسادانانندا، پێویستە بەشێوەیەکی گونجاو تۆماربکرێنو هەڵبگیرێن کە بوار بدات بە پاراستنیانو وابکات بەردەست بن بۆ ئاگاداربوون لێیانو بەکارهێنانیان لەماوەدای دووردا چ لە ناوخۆدا لەلایەن پێکهاتەو دەزگاکانی پەرلەمانەوە یاخود لە دەرەوە لەلایەن هاووڵاتیانو چالاکانی کۆمەڵی مەدەنییەوە. (کمال، ٢٠١٠: ٧٢).

**بایەخی بڵاوکردنەوەی دۆکیۆمێنتە یاساییەکان بۆ هاووڵاتی لەمانەی خوارەوەدایە: (Banisar, 2006)**

١. زیادبوونی توانای گەل لە بەشداریکردن لە پرۆسەی دیموکراسیدا کاتێک زانیاری لەبارەی چالاکییەکانی حکومەتو سیاسەتەکانیەوە بەدەستدەهێنێت. چونکە هۆشیاری گشتی سەبارەت بە هۆکارەکانی پشت ئەو بڕیارانەی دەدرێن، دەکرێت پشتیوانی زیاد بکاتو چەمکە هەڵەکان کەمبکاتەوەو توڕەیی گەلیش سووک بکات.

٢. ئاگاداربوونی هاووڵاتی لە زانیارییە حکومییەکان بە رێگەچارە دادەنرێت بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵگەی مەدەنیو دیموکراسیو پاراستنی، چونکە زانیاری زانینو دیالۆگ لای هەموو خەڵک ئاسان دەکاتو بەرگرییەکی توندوتۆڵیشیان بەڕووی شێوازەکانی ستەمو خراپی ئیدارەدانو گەندەڵیدا بۆ فەراهەم دەکات. ئەمە جگە لەوەی کرانەوەو شەفافیەت لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاردا یارمەتیدەرن بۆ پارێزگاریکردن لە متمانەی هاووڵاتی بە کارەکانی حکومەت.

٣. ئەو بڕیارانەی کە چارەنووسیان وایە بڵاوبکرێنەوە، پشت بە هۆکاری بابەتیو شیاوی پاساوهێنانەوە دەبەستن، ئەمەش متمانە بە حکومەت پتەو دەکات ئەگەر گەل بزانێت بڕ ِیارەکانی لەئاست پێشبینییەکانیدایە.

٤. پرۆسەی بڵاوکردنەوەی یاساو بڕیارەکانو دۆکیۆمێنتە پەیوەندیدارەکانیان دەبێتە مایەی کەمبوونەوەی دەرفەتەکان

لەبەردەم هەڵسوکەوتە گەندەڵی ئامێزەکانو زیادبوونی ئەگەری بەرەنگاربوونەوەی شێوازەکانی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات.

٥. پەرشـوبڵاوی یاسـاکانو دۆکیۆمێنتـەکانی دیکـەی یاسـادانانو گۆڕانکارییـە بەردەوامـەکانیان وادەکـەن بەرهـەمهێنانی زانیـاری یاسـایی دروسـت لـەلای هـاووڵاتی زەحمـەت بێـت، سـەرباری ئـــەوەش، ئـــەو کاریگەرییـــەی لـــە ئـــەنجامی هـــەموارکردنو نوێکردنەوەی تەواوی یاساکە یاخود بەشێکیدا دروست دەبێت، هەمیشـە لای ئـەو هاووڵاتیانـە نابینرێـت کـە بـەدوای زانیـاری یاساداناندا دەگەڕێن(Harris, 1972) .

## مێژووی یاسادانان

توێژینەوەکانی مێژووی یاسادانان دیاریکردنو پشکنینی ناوەرۆکی ئەو دۆکیۆمێنتە سەرەکییە پەیوەندیدارانە لەخۆدەگرن کە لـەمیانی پرۆسـەی یاسـاداناندا دروسـتکراون وەک هـەوڵێک بـۆ دۆزینـەوەی بەڵگـە لەسـەر نیازەکـانی یاســادانان کـە یارمەتیـدەر دەبـن لـە شـیکردنەوەی دەقـە یاساییەکاندا(Oecd.org, 2019) .

ڕێکخســتنی دروســتی پرۆســەی یاســادانان ئامــادەکردنی دۆســییەک دەخوازێـت کـە بەشـێوەیەک ڕێکبخرێـت پاراسـتنی ئـەو دۆکیۆمێنتانـە مسـۆگەر بکـات کـە پشـتیان پێدەبەسترێت لـە داڕشـتنی یاسـاو هـەموو تاووتوێو گفتوگۆکانی پەیوەست بە پرۆژەیاساکە، تـا دەگاتـە داڕشـتنی کۆتایی هۆکارەکانی دەرچوونو پێکهاتەی یەکەمی پرۆژەیاساکە.

دەسـتەی یاسـادانان لـە هـەر وڵاتێکدا بەگشـتی ژمارەیـەک دۆکیۆمێنت سـەبارەت بـە پرۆسـەی یاسـادانان بەرهـەم دەهێنێـت، دۆکیۆمێنتـە

سەرەکییەکانی مێژووی یاسادانانیش کە بەشێوەیەکی بەرفراوان بەردەستن، بریتین لە دەستنووسە جیاجیاکانی پرۆژەیاساکان یان ئەو پێشنیاری یاسایانەی پێشکەش کراون لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەران یان حکومەت یان لەو لایەنانەی یاساکان دەسەڵاتیان پێداون پرۆژە یان پێشنیاری یاسا پێشکەش بکەن، هەروەها رێوشوێنی کورتی وەکو راپۆرتی لیژنەکانو کاغەزی کۆڕەکان یان دانیشتنەکانی گوێگرتنی لیژنەکان یان کۆنووسی دانیشتنەکانیان.

توێژینەوەکان لە مێژووی یاسادانانەدا بە گرنگ دادەنرێن بۆ هەریەک لە هاوولاتیانو خودی دەسەڵاتی یاسادانانیش. تۆمارەکانی مێژووی یاسادانان گەشەکردنی یاساکان بەدۆکیۆمێنت دەکەن کە لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە دادەڕێژرێنو گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرێتو هەموار دەکرێنو رەزامەندییان لەسەر دەدرێت یان رەت دەکرێنەوە. لەم بارەیەوە، تۆمارەکانی مێژووی یاسادانان بایەخێکی زۆریان هەیە وەکو ئاماژەیەک بۆ ئەوەی ناوی لێنراوە مەبەستی یاسادانانی یاساکان. نیازی یاسادانانیش ئاماژە بە هۆکاری دروستکردنی یاساکان دەدات، بەو پێیەش رەگەزێکی گرنگە لە تێگەیشتنی چۆنێتی جێبەجێکردنی یاساکاندا. تۆمارەکانی مێژووی یاسادانان سەرچاوەی گرنگن بۆ شیکردنەوەی ئەو یاسایانەی بەرکارنو پێکهێنانی یاسای نوێش، هەروەها مێژووی یاسادانان یارمەتی دادگاکان دەدات بۆ شیکردنەوە یان روونکردنەوەی دەقی یاسایەکی دیاریکراو، بەتایبەتی ئەگەر دەقە یاساییەکە ناڕوون بوو(Sos.wa.gov, 2018) .

لەلایەکی ترەوەو بەر لە دەستکردن بە دروستکردنی یاسای نوێ، پێویستە گەڕان لە یاسا پەیوەندیدارەکان لەبەرچاو بگیرێتو یاسا

بــەرکارە پەیوەندیــدارەکانیش بــە بابــەتی ئــەو یاســایەی دەویســترێت دابڕێژرێت لـە زیـاتر لـە رووبەکـەوە فـەرامۆش نـەکرێن، لەوانـەش ئـەو یاسایەی دەویستریێت دابڕێژرێت پێچەوانەی دەقە یاساییە پەیوەندیدارە بــەرکارەکان نــەبێت، لەلایــەکی تریشــەوە ئــەوە لەبــەرچاوبگیرێت کــە حوکمـەکانی ئـەو یاسـایەی دەویسـترێت دابڕێژرێـت دووبارەکردنـەوەی ئـەو حوکمانـە نـەبێت کـە پێشـتر لـە دەق‌و یاسـاکانی دیکـەدا هـاتوون، هەموو ئەمانەش بەدینایـەن ئەگـەر دەقـی یاسـاکانی پێشـوو دۆکیۆمێنتـە یاسـاییەکان لـەژێر دەسـتی یاسـادانەراندا نـەبن. (محـی الـدین واخـرون، ٢٠١٦: ٥٨ ).

مێژووی یاسادانان بریتیە لەکۆمەڵێک بەڵگەنامەی پەیوەندیدار کە پێش دەرکردنی یاسایەکی دیاریکراو دەکـەون، فەرهـەنگی "Blacks Law" مێـژووی یاســادانان وا پێناســە دەکــات کــە بریتیــە لــەو "پاشــخان‌و رووداوانــەی دەبنــە مایــەی دەرکردنــی یاســایەک، بــە دانیشــتنەکانی گوێگرتن‌و راپۆرتی لیژنەکان‌و گفتوگۆی ئەندامانی ئەنجومەنیشەوە."

مێژووی یاسادانان زاراوەیەکە ئاماژە بۆ ئـەو دۆکیۆمێنتانـە دەکات کە لەلایــەن پەرلەمانەکانــەوە بەرهــەم دەهێنــرێن کاتێــک پرۆژەیاســایەک پێشکەش دەکرێت‌و لێکۆڵینەوەی لـەبارەوە دەکرێت‌و گفتوگۆ دەکرێت‌و دوای ئەوەش بە چەند قۆناغێکی جیاجیادا تێدەپەڕێت‌و هەر قۆناغێکیش دۆکیۆمێنتی خـۆی هەیە کە بەرئـەنجامی ئـەو دیالۆگانەیە کە لـە لیژنـە پەرلەمانییــەکان‌و دانیشــتنەکانی پەرلــەمان یــان لــە کــۆڕە تایبەتــەکان بەلێکۆڵینــەوە لــە پێشــنیارەکان یــان پرۆژەیاســاکان بــەڕێوەدەچن، زۆرجاریش پارێزەران‌و دادگاکان ئەو بەڵگەنامە یاساییانە بەکاردەهێنن لـە هەوڵێکـدا بـۆ دیـاریکردنی نیـازی یاسـادانەر یـان روونکردنـەوەی

زمـانێکی یاسـایی نـاڕوون. لەگـەڵ ئەوەشـدا تێبینـی ئـەوە کـراوە کـە دۆکیۆمێنتــە یاســاییەکان تــەنیا دەســەڵاتێکی باوەڕپێهێنــەرە نــەک دەسەڵاتێکی پابەندکەر(Guides.ll.georgetown.edu, 2018).

**بایەخی دۆکیۆمێنتەکانی مێژووی یاسادانان لەوەدایە کە ئەم خاڵانە لەخۆدەگرێت:(Floridasupremecourt.org, 2019)**

١. زانیـاری پاشـخان / چوارچێـوە: بـۆ کۆکردنـەوەی زانیـاری سـەرەکی لـەبارەی هەلومـەرج یـان ئـەو ڕووداوانـەی بوونەتـە هۆی دانانی یاساکە.
٢. نیـازی یاسـادانان: بـۆ تێگەیشـتن لـە نیـازی یاسـادانەران و ئـەو کارەی کە بەنیازبوون ئەنجامی بدەن کاتێک یاساکەیان داناوە.
٣. ناساندنی زاراوەکان: بۆ تێگەیشتن لـە مانـای ئـەو زاراوانـەی لـە زمانی یاسادانانەدا هاتوون.
٤. بونیـادی یاسـایی و جێبـەجێکردن: بـۆ تێگەیشـتن لـە چـۆنێتی شیکردنەوەی یاساو جێبەجێکردنی.
٥. پرۆژەکـە بـۆ تـۆ تـەرخان کـراوە: بـۆ تێگەیشـتنی هـاووڵاتی و کەسـانی پسـپۆر لـە جێبەجێکردنی و مـاف و ئەرکـەکانیان بـەپێی ئەو یاسا دەرکراوە.

هەمیشــە کاتێــک کەســێک بیــەوێت پێگــەی مێــژووی یاســادانان و دۆکیۆمێنتەکانی یاسادانان دیاری بکات، ئەوە بەهۆی گەڕانیـەوە دەبێت بەدوای بەشێکی دیاریکراو لە زمانی یاسایی یان بەدوای زانینی مـاف و ئەرکەکانی بەتەواوی. کلیلی سەرکەوتن لە دۆزینەوەی دۆکیۆمێنتـەکانی مێژووی یاسـادانان لـە دەوڵەتێکدا بریتییـە لـە تێگەیشـتن لـە پرۆسـەی

یاسادانانی ئەو دەوڵەتەو دیاریکردنی ئەو دۆکیۆمێنتانەی کە لەو پرۆسەیەدا دروستکراون. دەشێت ئەم زانیاریانە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر زۆر جیاواز بن، بەڵام دەکرێت لە بەڵگەی توێژینەوەکانی مێژووی یاسادانانی تایبەت بەو وڵاتدا بدۆزرێنەوە (Uscis.gov, 2019).

## جۆری دۆکیۆمێنتەکانی یاسادانان

### یەکەم: پێشنیاری یاساو بڕیارەکان

لەراستیدا دەرکردنی یاسا بەمانا گشتییەکەی لەڕێی گرتنەبەری چەند هەنگاوێکی جیاجیاوە دەبێت کە بە پێشنیار دەستپێدەکەن، پێشنیارکردنی یاساکانیش یەکەم ڕێوشوێنی پێویستی یاسادانانە بۆ بوونی یاسا، لەراستیشدا هێنانە ئارای یاسا تەنیا بەرهەمی سێ پرۆسەی پێکەوەیی یەکترتەواوکەرە کە ئەوانیش بریتین لە: پێشنیارو رەزامەندی پەرلەمانو پەسەندکردنیو بەرهەڵستی گونجێنەرانە. (القیسی، ٢٠١٦: ١٤).

لە هەندێک دەستووردا پێشنیاری یاسا لەلایەن ئەندامانەوە پێشکەش دەکرێت، بەڵام پرۆژەیاساکان لەلایەن حکومەتو دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە پێشکەش دەکرێن.

بڕیار (کە چارەسەری سادە-یشی پێدەوترێت) بەگشتی گوزراشت لە کۆدەنگی دەکات سەبارەت بە مەسەلەیەکی دیاریکراو، بۆ نموونە لە ئەمریکا گوزراشت دەکات لە: خەرجی کۆنگرێس، یان کاتی هاوینە، یان بڵاوکردنەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە دەرەوە...هتد، یان ڕێوشوێنی ناوخۆیی یاسادانان. (Llsdc.org, 2019)

**دووەم: دانیشتنەکانی گوێگرتن**

لیژنــەکان دانیشــتنی گشــتی گــوێگرتن گــرێ دەدەن بــۆ کۆکردنــەوەی زانیــاری لــەبارەی ئــەو پرۆژەیاســایانەی لەلایــەن ســەرۆکایەتی پەرلەمانەوە ئاراستەیان دەکرێت، یان پرسە سیاسییە جێناکۆکییەکان یــاخود سەرپەرشــتیکردنی چالاکییــەکانی حکومــەت لــە چوارچێــوەی دەسەڵاتەکانیدا.

